پەیامی سەرۆک وەزیران بەبۆنەی بردنەوەی عێراق لە ئەندامەتی ئەنجومەنی جێبەجێکاری یونسکۆ

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پیرۆزبایی لەعێراقییەکانی دەکات بەبۆنەی بردنەوەی عێراق لە ئەندامەتی ئەنجومەنی جێبەجێکاری یونسکۆ

سودانی لەپەیامێکیدا لەسەکۆی ئەلیکترۆنی ئێکس، رایگەیاند پیرۆزباییەکی گەرم لە سەرجەم عێراقییەکان دەکەم بۆ ئەکادیمی و ڕۆشنبیرەو بەبۆنەی بردنەوەی عێراق لە ئەندامەتی ئەنجومەنی جێبەجێکاری یونسکۆ کە نوێنەرایەتی باڵاترین دەسەڵاتی زانستی و ڕۆشنبیری دەکات لە جیهاندا. وتیشی گەڕانەوەی عێراق بۆ بەرە نێودەوڵەتییەکان گرنگە و نوێنەرایەتی مافێکی سروشتی دەکات بۆ وڵاتە خۆشەویستەکەمان، کە زانست و کلتوری بەخشیوە بە دونیایی کۆن و نوێ، هەروەها دەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەت و بەرنامەی حکومەتەوە بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی عێراق لە هەموو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا، سوپاس بۆ ئەو وڵاتانەی که دەنگیان بە عێراق داوە، وە سڵاویش لە نوێنەرانی عێراق بۆ ئەو هەوڵانەی کە داویانە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم مافە.